# ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان و کاری قانونی!

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

لە ووتارێکدا بەناوی " ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان، پێویستی بەڕێکخرابون هەیە" کە لە ژمارەی پێشوی ئۆکتۆبەردا بلاَوبۆتەوە، ئاماژەم بەوەدا کە پێویستە کەرەستە سیاسیەکانی ئەم باسە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە ڕۆشن بن. لەو ووتارەدا ئاماژەم بەوەدا کە گەلێك باسی گرینگ لە دووتوێی باسی ڕیکخراوبونی ناڕەزایەیتەکانی خەڵکی کوردستاندا، پێویستە باس و لێکۆلینەوەو توێژینەوەی لەسەر بکرێت و ڕوداوەکانی ئەم ناڕەزایەتیانە بەشێوەی بەڵگەنامە وەك مێژووی زیندووی خەڵکی ناڕازی کوردستان تۆمار بکرێن. لە چوارچێوەی ئەم باسانەدا، لەم ووتارەی بەردەستاندا هەوڵدەدەم لایەنێکی تری گرینگی باسی ناڕەزایەتیەکان بخەمە ڕوو. باسی کاری قانونی لە کوردستان و قانونی بون و نەبونی ئەم ناڕەزایەتیانە بەجیا لەوەی کە پلمیکێکی فراوانی کۆمەلایەتی و بابەتیە  لە ئێستای هەلومەرجی کوردستاندا، لەهەمانکاتدا، چەمکێکی سەرەکیە بۆ ئاراستەکردنی ناڕەزایەتیەکان بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و لابردنی ئەو هالە"مقدسەی" کە ناونراوە "قانون!" کە ڕۆژانە لە دنیادا هەزارەها ئینسانی پیَ یەخسیری ئەشکەنجەو ئازارو زیندان و ئیعدام دەکرێت.

## *قانون و بنەمای سەرەکی داڕشتنی قانون.

"قانون" بە مانا فراوانەکەی و ئەوەی بە زمانی قانونی پیَی ددەلێن قانونی ئەساسی"دەستور" لیرەداو لەم بڕگەیەدا مەبەستی منە. لە هەر وولاتێکدا بەشێکی سەرەکی ئەو چوارچێوە گشتیەیە کە ناوی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگایە، یان بە زمانێکی تر بەشێك و پایەیەکی سەرەکیە لە سەرخانێك کە کۆمەڵگا بەرێوەدەبات. قانون لەهەمانکاتدا دەکرێت وەك ئاوێنەیەك وێنای بکەین، کە تیایدا سیستەمی سەرەکی دەسەلاتداریێتی و ماف و ئەرکەکانی تاك و ئاستی ئازادییە سیاسی و فەردی و مەدەنیەکان و هەروەها ئاستی تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژن وەك ئینسانێك و هەروەها بۆ مندالَ و گەورە سالاَن و لەلایەکی تریشەوە چونێەتی بەڕیوەبردنی دەسەلاَت و جێگۆرکێی دەسەلات و شێوەو میکانیزمەکانی و چۆنیەتی بەرێوەبردنی کۆمەڵگا لەباری ئابوری و سیستەمی سۆسیال سکیۆریتی"ئاسایشی کۆمەلایەتی" و پەیوەندییە نیونەتەوەییەکان و شێوەو میکانیزمەکانی بەڕیوەبردنی ... دەست نیشان و ئاشکرا دەکات و لە چوارچێوەی فۆرمۆلەی قانونیدا وەکو بەندو ماددەی جۆراوجۆر دەیانگونجێنێت. بەلاَم باسی قانون و پێناسەکردنی تەنانەت بەوشێوەیە کە لە سەرەوە باسمکردوە ئەبستراکت ئەبێت ئەگەر بێتوو قانون و داڕشتنی قانون گرێنەدرێتەوە بە هێزو بزوتنەوە کۆمەلاَیەتیەکانەوە، کە ئیمکانی ئەوەیان پەیدا کردوە لە هەلومەرجێکی مێژویی دیاریکرودا مۆری سیاسەت و بەرنامەی خۆیان بدەن لە ئالوگۆرە کۆمەلاَیەتی و سیاسیەکان و بەم پێەیش سیاسەت و بەرنامەی خۆیان بکەنە عەقلیەتی زۆربەی کۆمەڵگا لە هەر وولاتێك یان ناوچەیەکدا. کەواتە باسی قانون و چۆنایەتی قانونەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەمان باتەوە سەر باسی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان و کێبەرکیَ و ململانێی ئەوهێزانە لە ئاستی کۆمەلایەتیدا.

گرێی مەسەلەکە ئەوەیە کام کۆمەڵە لە "ئێسنان" هێز، حزب یان دەسەلاَتەیە کە هەڵدەستێت بە دارشتنی قانون؟!.  بەیڕێی بەرنامەی هێزو بزوتنەوە کۆمەلایەتیە جیاوازەکان و بەپیَی جیاوازی بەرژەوەندییەکانیان لە دەورانی مێژوویی دیاریکراودا ئیمە شاهیدی قانون گەلێکی جۆراوجۆرو تا ڕادەیەك جیاوازین لە ئاستی دنیادا. بەلاَم باسی قانون لە نێو کۆمەڵگاو یەك وولاَتیشدا باسێکی داخراوێیەو هەمیشە کراوەیە. هەربۆیە لە تەواوی وولاَتانی جیهاندا ئێمە شاهیدی ئەوەین کە قانونەکان گۆڕانیان بەسەردا دیَت بەقازانج یان بە دژ بە بەرژەوەندی هاوولاتیانی ئەو وولاَتە. کرانەوەی بواری قانون و نەتوانینی داخستنی بەشێوەیەکی کۆتایی تەنانەت لای دڕەنەترین حکومەتانی تۆتالیتاریش، گەلێك مەسائیل و گرێ دەکاتەوە سەبارەت بەم چەمکەو لەهەمانکاتدا دەرخەری ئەو ڕاستییە مێژووییەیە کە پێمان دەلێت ئاستی گەش و پێشکەوتوخوزای قانونەکان، یان ئەوەی قانونی کام وولاتە زیاتر یان بڕیك زیاتر لە خزمەت خەڵك و بەرژەوەندییەکانیدایە، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەو بە کێبەرکێی نێوان هێزە کۆنەپەرست و هێزە پێشکەوتوخوازەکانەوە، بزوتنەوە ئازادیخوازو داپلۆسێنەرەکانەوە کە لە باشترین جۆری لێکدانەوەدا دەگەین بەوەی کە بەستراوەتەوە بە کێبەرکیَ و خەباتی توندی نێوان دووچینی سەرەکی کۆمەڵگاوە، کرێکاران لەلایەك و چینی بورژواوی لەلایەکی دیکەوە. بەلاَم چۆنیەتی و شێوەی دەرکەوتنی ئەم کێبەرکیَ و ململانیَ توندە لە شێوەو دەرکەوتنی جۆراجۆرو جیاوازدا خۆی نیشان دەدات و هەمیشە بەڕەنگ و تابلۆیەکی چونیەك نە دەتوانێت دەرکەوێت و نەدەرکەوتوە، بەلاَم لەهەر شێوەو شێوازیکی دەرکەوتنداو لە هەرئاستێکی توانا و هێز هاوسەنگیەکی نێوان ئەو دوو لایەنەدا

بیت هەمان ناوەرۆکی هەیە. ترسێك کە هەمیشە بورژواوی لە زەینی دەرناچێت، وە پۆلیس و ئاسایش و سوپا و دەزاگای قەزایی پان و پۆڕو شەبەکاتی گەورەی میدیا و هەواڵنێری و هەزارەها ڕۆشنبیرو بیریارو.... بۆ تەرخانکردوە ئەوەیە ڕێگا بگرێت لەوەی کە ئەم چینە بە وێنەی چێنیکی یەکگرتوو ڕیکخراو خاوەن ئەلتەرناتیڤێکی کۆمەلایەتی کە پەیامی دنیای ئازادو یەکسانی پێ بێت، بێتەوە سەر گۆڕەپانی سیاسی. ئەمە گەورەترین ترس و سەرەکیترین ترسە کە سەرمایەو سەرمایەداری ناتوانێت بۆ یەك ساتێکیش خۆی لێ غافل بکات و لە پشت گشت تێکست و بەندو ماددە قانونیەکانەوە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێستای دنیاوە دەیبیین لە هەر وولاتێکدا بەشێوەیەکی ڕۆشن دەکرێت ئەو ترسە دەست نیشان بکەین و لە هەمان کاتدا لە ژێر ناوی جۆراوجۆری وەك "بەرژەوەندی ئەمنی نەتەوەیی"و" پاراستنی عادات و تەقالید"و" پاریزگاری لە فرەکلتوری"و" دەسەلآتی ئاینی"و"پاراستنی جیهانی ئازاد"...دا دەیان شێوەی جۆراوجۆر لە سەرکوت و بێدەنگ کردن و دانانی قەیدو بەندی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و ئاینی و... ببینین لە پێناو ڕاگرتنی دەسەلات و پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتیدا.

بەکورتی قانونەکان بە شێوەی جیاوازو هەمەرەنگییەگی هێجگار فراوان کە هەیانە، خواست و تێزو باوەری سیاسین و لە فورمۆلبەندییەکی قانونیدا دارێژراون لەپێناو پێدانی ئیمیەجێك بە کۆمەڵگا و نیشاندانی ئەوەی کە گوایا دوو بواری تەواو جیاوازن لەیەکتری و یان ئەسڵەن هەر پەیوەندییان بەیەکەوە نیە. بەبڕوای من ئەوە یەکێکە لە لەگەورەترین درۆکانی مێژوو. لەسەر هەمان بناغەش چەمکی دەسەڵاتی سێهەم دێتە ئاراوە کە داداگایەو وەك کارێکی سەربەخۆو جیاکردنەوەی تەواوی لەسیاسەت و لە دەسەڵات باس دەکرێت. دیارە باسی چەمکی سێ دەسەڵات و ئێستا چوارە، باسێکە هەزارەها ڕۆشنبیرو بیریار قسەیان لەسەر کردوەو تیۆرو تێزی جۆاوجۆریان بۆ داتاشێوە یان بۆیان دروست کردوە یان باوەڕیان پێبوە لە ڕیزێکی فراوان پەیرەوانی لیبرالیزمەوە بگرە تاکو دەگاتە لیبرالیزمیِنوێ و تاکو کۆنڤەرزەیتف و سۆشیال دیموکرات و کۆمۆنیزمی ڕوسی و ناسیونالیست و ... باسێکە لیرەدا پەیوەندی نیە بەم وتارەوە.

## *قانون لە کوردستان!

کوردستان وەکو ناوچەیەك 15 ساڵ زیاترە قابیلی جۆرێك لە پێناسەو مامەڵەی تایبەتە. لەم ناوچەیەدا تا ئێستا دوومەسەلە سەرەکیە، یەکەمیان/ دەسەلاتدارێتی ملیشیایی و قانونەکانی میلیشیایە، کە دیارترین و دەرکەوتوترین دیاردەیە، دووەمیان/ ئەم ناوچەیە تا ئێستا بەمانای ناوچەیەکی جیگیرو پێناسەیەکی سیاسی جوگرافیایی دیاریکراوی نیە، سەرەڕای ئەوەی لە دەستوری عێراقدا ناوی هاتوە وەك ناوچەیەکی فیدراڵ.مەسەلەی کوردستان و دیاریکردنی قەوارەی سیاسی بە هەر بارێکدا بێت تا ئێستا مەسەلەو دیاردەیەکە بەتەواوی کراوەیە و یەکلانەکراوەتەوە.

فیدرالیەت و عێراقی فیدراڵی تەنها لە بەرنامەو سیاسەتی هەردوو حزبی دەسەلاتداری ناسیونالیزمی کوردو حزبە ناسیونالیستەکانی دیکەی بن دەستیاندا، مەسەلەو تیزێکی جدیـیە، ئەگەر نا یەکێك لە گەورەترین گۆسپ و تەگەرەکانی ئایندەی بەردەم حکومەتی نوێی بەغداو حکومەتەکەی مالکی مەسەلەی فیدرالیەت و چونیەتی سەقامگیرکردنیەتی لەئاستی سەرتاسەریدا. چونکە بێ ئەوەی فیدرالیەتەکانی تر جێبکەون و بن بە حەقیقەتێك، فیدرالیەتیکوردستان لە خەونێکی ناسیونالیزمی کورد، زیاتر هیچی دیکە نیە. بەهەر حال ئەم مەسەلەیە لە بناغەترین ئاستیدا پەیوەند بە مەسەلەی یەکلاکردنەوەی دەوڵەتەوە هەیە لەعێراقدا لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە پەیوەندە بە گشت هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەو تواناییەکانی ئەمەریکاوە هەیە بۆ گەیشتن بە ئیستراتیژی سیاسی خۆی.

ئێستا قانون لە کوردستان، وەك جەلی وایەو حاڵەتی جیگری خۆی وەرنەگرتوە. لەلایەك زۆربەی قانونەکان تا ئێستا قانونەکانی حکومەتی بەعسن، لەلایەکی دیکەوە ئەو قانون و بڕیارانەی کە لە بەغداوە دێت و لە بەرژەوەندی دەسەلاتداریتی ناسیونالیزمی کوردا نیە، جێبەجێ ناکرێت. لە نێو خۆی کوردستانیشدا تا ئێستا خەڵکیان چاوەڕوان ڕاگرتوە کە چاوەڕێی پێکهێنانی حکومەتن لە بەغدا بۆ یەکلاکردنەوەی مەسائیلە حەساسەکان. دیارە ئەم بارەی کە ئێستا کوردستان بەخۆیەوە دەبینێ تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەند بە چوارچیوە گشتیەکەیەوە کە عێراقە، لەعیراقدا هیچ دیاردەیەك بەقەد بێ قانونی باوو زەق نیە. بەم مانایانە لە کوردستاندا دەستورو قانونێك نیە کە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بتوانن سنوری ماف و هەلس وکەوتی ڕۆژانەو پراتیکەکردنی مافەکانیان بەرۆشنی بزانن و بەپێی ئەوە کاروباری کۆمەڵگا بڕواتە پێشەوە، جا ئەمە بەجیا لەوەی کە ناوەڕۆکی دەستورو قانونەکە چیـیە!.

بەڵام لە ئاستێکی گشتی تردا، لەتەواوی ئەو وولاتانەی کە ناسراوان بە وولاتانی "سێهەم و چوارهەم" کە دیارە پێناسەیەکی سەرلێتێکدەرانەیە، کە تیایاندا پەیوەندی سەرەکی کۆمەڵگا کە پەیوەندی نێوان کارو سەرمایەیە، مل کەچە بۆ پەیوەندیەکی فراوانتری جیهانی و لەهەمانکاتدا، کار یان کاری کاری کرێ گرتە پێناسەیەکی دیاریکراوو ڕۆشنی هەیە، ئەویش کاری هەزران و کرێکاری بێدەنگە.

به واتایەکی تر پێویستە دەستورو قانونی ئەم وولاتانە لە ڕوانگەی گشت چینی بورژوزای لۆکەل‌و گشت سەرمایەی جیهانیەوە، تا ڕأدەیەکی زۆر پشت ببەستێت بەسەرکوت‌و چەوسانەوەی کرێکارو زۆربەی زۆری دانیشتوانی وولات لە خەڵکی زەحمەتکێش‌و فەرمانبەرو مامۆستاو... واتە ناوەرۆکی دەستوری ئەم وولاٚتانە جگە لە کۆمەلێك بەندی ڕازاوەو ڕوکەش لە پەیوەند بە مافەکانی مرۆڤو شتی لەمبابەتە بترازێت، هیچی دیکەی تیدا نیٚیە کە مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی دانیشتوان‌و هەروەها مافە کانی ژنان‌و لاوان‌و سیستەمێکی خوێندنی مۆدێرن‌و هاوچەرخ یان جیایی دین لە دەوڵەت...دابین بکات. بەسەرنج دانێکی کورت بۆ دەستورو قانونە زۆرو زەبەندەکانی تەواوی وولاتانی جیهانی عەرەب‌و ئەفەریقاو وولاتانی ئاسیا ئەم حەقیقەتە بە ڕۆشنی دەردەکەوێت. لەمبارەوە پڕوپاگەندەی نەمانی دیکتاتۆرەکان‌و هێنانی موژدەی ئازادی حەقیرتین جۆری هەڵخەڵەتاندن‌و بە لاڕێدا بردنە. بۆیە لەم وولاتانەدا مانگرتنێکی بچووك دەبێتە مەسەلەیەکی سیاسی، خواست‌و داوای زیادکردنی کریٚ یان وەرگرتنی مۆلەتی ڕیکخراوەیەکی جەماوەریو پیشەیی ئەگەر بێتو دەستکردی دەسەلات نەبیت یان دەسەلاتی لە پیشتەوە نەبێت ڕاستەوخۆدەبیتە مەسەلەیەکی سیاسی گەورە. سەرنج بدەین لە مصر لە ئیران‌و لوبنان لە وولاتانی ئەمەریکای لاتینی ئەم ڕاستیٚیە دەردەکەوێت.

بەلاٚم لە کوردستان هەروەك ئاماژەمان پێدا هیچ جۆرە دەستورو قانونێك جیگیر نەبوە، تەنانەت بە مانا دکتاتۆریو سەرکوتەکەشی. تەنها قانونێك هەیە ئەویش بە ئارەزوو ئیشتهای هەردوو حزبی دەسەلاتدارەو هەر لایەکیشیان لە ناوچەکانی ژێر دسەەلاتی خۆیدا، چۆنی بۆ بگونجێت‌و چۆن بەرژەوەندی خۆی پێویست بکات بەو شێوەیە قانون ئامادەیەو حوکم دەکات. نمونەی 30 ساڵ حوکمی کەمالی سەید قادرو گرتنی دەیان کەس لە هەڵەبجە بەبیٚ هۆ کە دواتر بۆ خۆشیان دەرکەوت بەناچار ئازادیان کردن، لەمبارەوە هەم تازەن‌و هەم سەرنج ڕاکێشن. بەلاٚم چۆن لەباری کۆمەلایەتیەوە سەرنج بدەینە قانون؟! ئایا قانون ئەوەیە کە نوسراوەو نوسیویانە؟! ئایا دیاردەی خۆپیشاندان‌و ناڕەزایەتیەکانی کوردستان نیشانەی بونی دەقیکی قانونیەو لەباوەڕی هەردوو حزبی دەسەلاتدارەوە بە ئازادییە سیاسیەکان دەستەبەر کراوە؟!

## *ڕوانگەی کۆمەڵگا بۆ قانون‌و خۆپیشاندان‌و ناڕەزایەتیەکان!

بەبڕوای من نوسینی قانون‌و دەستور لە کوردستان تا ئێستا مەسەلەیەکی کراوەیەو دانەخراوە. هەردوو حزبی دەسەلاتدار بۆنمونە بە پیٚی کام دەقی یاسایی تەنانەت ئەوانەش کە بۆخۆیان نوسیویانەو ئەوانەش کە هی حکومەتی بەعس‌و بۆیان ماوەتەوە بە میرات، دەتوانن حوکمی 30 ساڵە دەربکەن؟! بەپیٚی کام قانون دەتوانن خەڵك بفڕێنن؟ بەپیٚی کام یاسا دەتوان خەڵك بۆ زیاتر لە مانگ‌و دوومانگ‌و ... لە زیندانەکاندا گل بدەنەوە بەبیٚ لێپرسینەوەو لیکۆلینەوەو هیچ تۆمەتێك؟! بەپێی کام قانون خانوی هەر بەرپرسێکی هەردوو حزبی دەسەلاتدار کۆشکێکی سپیٚیە بۆخۆی، وبچوکترین سەرمایەیان لە 10ملیۆن تێپەر دەکات؟! بەپیٚی کام قانون تەواوی باخچەو هاوینە هاوارەکان بۆتە باخچەو هاوینەوهەواری بەرپرسانی هەردوو حزب؟ بەپیٚی کام قانون سەدان بەرپرس‌و گچکە بەرپرس بە ئارەزووی خۆیان کۆلیجەکان دەگۆڕن‌و شەهادەکانیان ئالوگۆڕ پێدەکەن؟ بەپیٚ کام قانون چەکدارەکانیان تەقە لە خەڵك دەکات؟ بەپیٚی کام قاقنون لایەك لەو کۆمپانیا بیانیانەی کە هاتونەتە کوردستان لە ناوەراست یان لە سەرەتای کارەکایاندا بنکەو بارەگەیان دەپێچنەوەو دەڕۆن؟!... ئەمە دیاردەیە لەکوردستان زەقەو هەموو کەس دەیزانێت. کەوایە باسێك نیە نێوی قانون بێت بەمانا باوەکەی، ئەوەی کە هەیە هەر ئەوەیە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، ئەوان بە ئیشتهای خۆیان‌و لەکاتی پێویستدا قانونی خۆیان دەنوسن، ئەمە جگە لە میلیشیا ناتوانێ هیچ شتێکی تر ببێت.

بەلاٚم لەبەرانبەر ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا، لاوان‌و خوێندکاران‌و مامۆستایان‌و فەرمانبەران‌و کرێکارانی کوردستاندا، ئەم دوو دەسەڵاٚتە باسی قانون‌و چەمکی قانون دەکەنە سەر لەوحەی ناسنامەی خۆیان وەك ئەوەی کە کەس نەیان ناسێت‌و ئاگاداری رەفتارو هەلسو کەوتیان نەبێت. ئەوان مۆری بیٚ قانونیان لەتەواوی خۆپیشاندان‌و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان داوە بۆ ئەوەی سەرکوتی بکەن‌و شەرعیەت بدەن لە کاری سەرکوتگەرانەیان. خەڵکی ڕانیە، ئاکریٚ، کەرکوکی"قودس‌و دڵو سیوجگەر"، هەلەبجە، کەلار، دهۆك، خوێندکارانی زانکۆکانی سلێمانیو کۆیەو هەولێر... هەموویان لەڕوانگەی ئەم دوودەسەلاتدارەی کوردستانەوە بیٚ قانونین‌و پێویستە سەرکوت بکرێت. ئەوەندەی کە توانیشیان سەرکوتیان کردو دەستیان نەپاراست.

ڕۆشن بوو کە خەڵکی کوردستان ناڕازییەو ناڕەزایەتی خۆی لە شێوەی خۆپیشاندا دەردەبڕێت، جا دەسەڵاٚت بیەوێت یان نا، کە دیارە نایەوێت. ئەم مەسەلەیە زۆر سادەیە، باسەکە ئەوەیە کە خەڵك ناڕأزیٚیەو بەشیوەی جۆراوجۆرو بەپێی هێز هاوسەنگیەك کەهەیەتی لە بەرانبەر دەسەلاتداراندا، خەباتی خۆی دەباتە پێشەوە. لەسایەی سەرکوتترین سیستەمی دنیاشدا بێت. ئیمە لە ساڵی 1983دا لە نێو

زانكۆی موسڵو له نێو جەرگەی هیزو توانای حكومەتی بەعسدا 3 رۆژی مانمان گرت، بەلام حكومەتی بەعس هیچی پێنەكرا. خۆ ناكرێت ئەمە بە ئازادی بۆ حكومەتی بەعس بنوسین. تاكوو هەردوو حزبی دەسەلاتدار دەقیكی قانونی ڕۆشن نەنوسن بۆ دابینكردنی ئازادییە سیاسیەكانو لەوانە ئازادی بیقەدیو شەرتی خۆپیشاندانو مانگرتنو ڕیكخراو دروست كردنو ئازادی بیروڕاو ڕەخنەو... ناكرێت باسی بونی ئازادی بكەن. خۆ ئەگەر باسی ئازادیش بكەن بەهەمان شێوەی هەڵبژاردنەكان گاڵتەجارو كاریكاتۆرە.

بەلأم خۆپیشاندانو نارەزایەتیەكانی ئێستای كوردستان، بەتەواوی قانونیەو پسولەو مۆڵەتی قانونی بونی لە كۆمەڵگا وەرگرتوە، لەهیزو توانیەكانی خۆی وەرگرتوە. ئەمڕۆ لەكوردستاندا هیچ كەسێك نیە جگە لە ئاستی سەرەوەی هەردوو هیزی دسەلأتدارو سەرۆكایەتی ئەو حزبانەی كە سیاسەت بە پارەدەكەن، بە خۆپیشاندەران لە گولَ كالَتر بلێت. ئەمە حەقیقەتی قانونی بونی خۆپیشاندانو نارەزایەتیەكانە.

خەڵك بەزمانێكی سادە وە زۆر سادە، لەماوەی یەك ساڵی ڕابوردودا دەیان جارو بەشێوەی جۆاوجۆر بەدەسەلاتدارانیووت ئێوە ناتوان حاكمی ئێمەبن، ئێوە گەندەڵی تا سەرمۆختان چوەو بۆتە بەشێك لە جینەكانتان. بەڕۆشنی خەڵك هاواری كرد ئێوە نوێنەری ئیمە نین، ئێوە خاوەنی "شەهیدانو قوربانیانی ئێمە نین"و حەقتان نیە بە ناوی ئەوانەوە قسە بكەن. بۆیە خۆپیشاندانو نارەزایەتیەكانی خەڵكی كوردستان، وەك بارێكی قانونی بەسەر هەلومەرجی سیاسیو كۆمەلایەتی ئێستای كوردستاندا سەپاوە. فراوانبونەوەو هەمەگیر بونی ئەم نارەزایەتیانەو تەنانەت گەیاندنی تا ئاستی سەپاندنی وەك دەقێكی قانونی بەسەر دەسەلاتی ناسیونالیزمی كوردا، بەستراوەتەوە بە ڕیكخراوكردنو سەرتاسەریكردنەوەی ئەم نارەزایەتیو خۆپیشاندانانەو هێز هاوسەنگیەك كە ئێستا لە ئارادایە. تەنها ڕیكخراوكردنو سەرتاسەریكردنەوەو كۆ بوون لەسەر ئاسۆیەكی سیاسی ڕۆشنو ئینسانی لەلایەن ڕابەرانو هەڵسوڕاوانی ئەم نارەزایەتیانەوەیە كە دەتوانێت هیز هاوسەنگی ئێستا زیاترو زیاتر بە قازانجی خەلكی كوردستانو خوێندكارو لاوی كوردستانو فەرمانبەرو مامۆستاو كرێكاری كوردستان بشكێنیتەوە. مۆڵەتی قانونیش ئەو مۆلەتەیە كە كۆمەڵگا دەیداتو لە دواجاردا، ئەو مۆڵەتەیە كە دەسەلأت بۆخۆی دیاری دەكات، بەپێ بەرژەوەندییەكانی خۆی.